مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد 2. العدد 4 .كانون الاول 2016: ص ص 343-361
DOI: 10.21928/juhd.20161225.13, e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

# ئەحمەد موختار جاف وەك چەشنێك لە ڕۆشنبیر

**م.ی. لــەوژن قــادر**
**كۆلێژی كارگێڕی وئابووری / زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی**

## پوختەی باسەكە

شاعیر نوێنەرایەتی بزووتنەوەیەكی ڕوناكبیریو ئەدەبی جیاوازی كردووە لەنێو ڕۆشنبیرانی سەردەمی خۆیدا. بەرهەمە شیعریەكان بەگشتیو چیرۆكەكەی بەتایبەتی ڕۆشنبیریو دیدێكی هاوچەرخ دەدەنە خوێنەر لەڕووی فكریو كۆمەڵایەتیو سیاسی، پرسیارەكانی لەسەر چییەتی ژیانو كامەرانیو چۆنیەتی هۆشیاریو سیاسەتی دادپەروەرانەو هەروەها باسكردن لە وەزیفەی ئاینو دەوڵەتو گومان دروستكردن لەسەر خانەدان بوونو گێڕانەوەی (بەها) بۆ زانینو زانیاری...هتد. بەگشتی پرۆژەیەكی چاكسازی كۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییە، كە هەموو ئەمەش دەرئەنجامی خوێندنەوەیەكی بونیادگەرایانەیە بۆ دەق.

## ملخص البحث

يمثِّلُ الشاعرُ حركة ثقافية وأدبية متميزة بين مُعاصِريهِ مِن المُثقفين. تُقدِّمُ نِتاجاتُه الشعرية بشكلٍ عام والقصصية بشكلٍ خاص وجهة معاصرة للقُرّاء من شتى الجوانب الفكرية والاجتماعية والسياسية، إستفساراتِهِ حول ماهية الحياة والسعادة وكيفية السبيل إلى الوعي والسياسة العادلة، وتَطرُّقِهِ إلى وظيفة الدِّينِ والدولة، وتَشكُّكِهِ في مفهوم النُبلِ وإستعادة التقدير والأهمية للتَعلُّم والمعرفة وإلخ: كل هذه بشكل عام تُشكِّل مشروعاً إصلاحياً إجتماعياً وثقافياً، حيث تُعتبَر كل هذه الجوانب نتيجةً لقراءةٍ بُنيويةٍ للنَّص.

## Abstract

The poet represents a distinctive cultural and literary movement among his contemporary intellectuals. His poetic works in general and his stories in particular offer a contemporary viewpoint to his readers of various intellectual, social and political aspects. His inquiries about the nature of life and happiness, the way to awareness and political justice, the functions of religion and state, his skepticism about the concept of nobility, and his appreciation to learning and knowledge, etc.: all these would generally form a reformation project, socially and culturally, where all these aspects are considered to be a result of a structural analysis of the text.

## پێشەکی:

توێژینەوەکە تیشك دەخاتە سەر ئایدیاکانی ئەحمەد موختار جاف کە وەك سەرەتاو دەستپێك بوون بۆ سەرهەڵدانی ڕۆشنبیری نوێو نەخشاندنی ڕێبازی ڕیالیزمو دەرکەوتنی بەهای زانستو هۆشیاری خوێندەواری لـەنێو ڕۆشنبیری نەتەوەی کورددداو پەیدابوونی بیری ڕەخنەگرانە بەرامبەر کایەکانی نەریتی کۆمەڵگەو هێزی ئاینی باوو گەندەڵیو ستەمکاری بەگشتی.

ئەم لێکۆڵینەوەیە پشت ئەستوورە بە تیۆرەکانی دوای بونیادگەریو شیکارییەکی بونیادییانە دەکات بۆ (دەق)، لە بەرهەمەکانی ئەحمەد موختاردا دەقو مەدلولـەکانی گەیاندنی واتا دەکاتە بنەمای شیکاری. لەو ڕوانگەوە کە بەرهەمی پەخشان، بەتایبەتتر (ڕۆمان و چیرۆك) ترۆپکی دەرخستنی ئایدیاکانن بۆ عەقڵی گشتی، ئێمەش چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختارمان کردە کەرەسەی بنەڕەتیو سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بە سودوەرگرتن لە چەند بەرهەمێکی شیعریی.

## سەرەتا:

١-"دڵم پڕ خوێنە، جەرگم لـەت لـەتە بۆ لێوی گوڵنارت
نەخۆش و دەردەدارم من لـە حەسرەت چاوی بیمارت
٢-سەلیبی پەرچەمی تۆم دەسکەوێ چیمە لـە ئیسلامی
کڵێسا جێگەمە جانا لـە عەشقی زوڵفی زوننارت
٣-وتی عاشق ئەبێ بەم کوشتنەت مەسروور بی چونکە
لـەناو عوششاقدا تەنها ئەتۆی قوربانی دڵدارت
٤-شکا بازاڕی شەهدو شەککەرو شیرینی بی قەنناد
لـە ڕۆژێکۆ کە بیستوویانە خەڵقی نوتق و گوفتارت
٥-ئەبێ کاغەز لـە بەرگی گوڵ، قەڵەم جانا لـە عەنبەر بێ
کە من مەیلـم هەیە ئێستا بنووسم وەسفی ڕوخسارت
٦-کە تۆ سەروی منی، بێچارە قومریی دڵ حەزینی تۆم
هەمیشە بولبول ئاسا وام لـە دەوری باغ و گوڵزارت
٧-نیگار ئەمڕۆ لـەناو جەمعی ڕەقیبا پێی وتم (ئەحمەد)
مەحاڵە تۆ ئیتر دەستت کەوێ یاری دڵ ئازارت"[١]

ئەم هۆنراوەیەو دەیان هۆنراوەی دیکە بەڵگەن لـەسەر کارامەییو داهێنەری ئەحمەد موختار جاف لە (وێنەو ڕەوانبێژیو ناوەڕۆكو سنعەتکاری) هۆنراوەدا، بەجۆرێك وەك شاعیرانی کلاسیك توانیویەتی کارایی خۆی لـە سنعاتی شیعریدا بنوێنێ.

لـە ڕووی وەزیفەدان بە شیعرو نوسینو بەستنەوەی بە واقیعەوە، ئەحمەد موختار جاف بە پێشڕەوی ڕیالیزم لـە ئەدەبی کوردیدا دادەنرێتو ئەرکێکی کۆمەڵایەتیو سیاسیو نیشتمان پەروەری ئەخلاقی دەخاتە ئەستۆی شیعر[١].

(١) دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ئامادەکردنو بەراوردکردنو لێکدانەوەو پێشەکی بۆ نووسینی: پ.د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بەغدا، ١٩٨٦، ل٦٤.

بەگشتی بە تێبینی کردنی شیعرو نوسینەکانی ئەحمەد موختار جاف و پەی بردن بە ئایدیاو بیرو بۆچوونەکانی، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەحمەد موختار جاف (ڕۆشنبیرێکی شاعیرە) نەك (شاعیرێکی ڕۆشنبیر)، واتە مەودای بیرکردنەوەیو ئایدیاکانیو دیدی بۆ ڕەهەندە جیاوازەکانی کۆمەڵگە هێندە فراوانە کە تا زەمەنێكو ئاستێك ئایدیاکانی بە شیعر دەربڕیوە، بەڵام دواتر کە زانیویەتی شیعر هەندێ[2] سات لەبەر هونەری دەربڕینی لەمپەرە لەبەردەم دیدە عەقڵانیەکانی بۆیە دەستی داوەتە نوسینی چیرۆك یاخود ڕۆمان... بۆیە لەنێو چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان) یاخود (چۆن بوومە خانەدان) زۆرترین ئایدیاکانی ئەحمەد موختار جافمان بۆ دەردەکەوێت. بێگومان بۆیە تەنها باسی ئەم چیرۆکە دەکەین چونکە تەنها ئەوەمان لەبەردەستدایە، ئەگەر وەك دکتۆر (عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) لە پێشەکی دیوانەکەیدا هێناویەتی دوو چیرۆکی دیکەی هەبووە.

## بەشی یەکەم:ئەحمەد موختار بەگی جاف و سێ تێبینی گرنگ و سەرەتایی

ئێمە لە ڕێچکەی ئەم لێکۆڵینەوەیەماندا دەمانەوێت بڵێین خاڵی جیاوازو سیفەتی بەهێزی ئەحمەد موختار بەگ لە ڕۆشنبیربوونیدایە، لە چۆنیەتی بیرکردنەوەیداو ڕەفتارکردنیدا دەگەینە هەندێ هەڵوێستو نوسین کە وێنای کەسایەتیە گەورەکانی مێژوومان دێنەوە یاد:

**١. ئەحمەد موختار بەگ و پێوەری نەجیب زادەیی:**

ئەفلاتون لە کتێبی (کۆمار) و ئەرستۆ لە کتێبی (السیاسة) باس لەوە دەکەن، مرۆڤی نەجیب زادە ئەوکەسەیە کە ئاستی مەعریفەو ژیری زاڵە بەسەر هەستەکانیدا، واتە (جەستە)یدا، بەڵام خەڵکی ڕەشۆك جەستەیان زاڵە بەسەر هۆشیاریو عەقڵیاندا، بۆیە گروپی یەکەم ئەو کارو پیشانە ئەنجام دەدەن کە لە بیرکردنەوەو عەقڵەوە بەرهەم دێتو گروپی دووەمیش تەنها دەتوانن جەستەیان بەکاربهەن[3].

ئەحمەد موختار لە بنەماڵەیەکی بەگو پاشاو دەسەڵاتدارەو بە پێوەری کلتوری کوردیو ڕۆژهەڵاتی (نەجیب زادە)یە، بەڵام ئەو هیچکام لەم پێوەرانە ناکاتە ئامانجو بەڵکو بەناونانی چیرۆکەکەی بە (چۆن بووم بە خانەدان) ڕەخنەی توند ئاراستەی ئەو جۆرە خانەدانبوونە دەکات کە بە چەندین فێڵ و چاوبەستکردن دەگاتە دەسەڵاتو سەروەتو سامانو بەوجۆرە پێگەی دەسەڵاتو خانەدانبوون دەکاتە هۆکاری چەوسانەوە، لە لاپەڕە (٤٥)ی نامیلکەی چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان)دا، لەسەر زاری (زۆراب ئەفەندی) کە دەیەوێت پێگەی دەسەڵاتی بەرزتربێتەوە تا زیاتر خەڵکی هەژار بڕوتێنێتەوە، ڕەخنەی توند ئاراستەی خانەدانەکانی ئەورووپاش دەکاتو دەڵێ: "لەو مودەتەدا کە لەسەر ئەو وەزیفەیە بووم، کابرایەك دوو سێ قەتعە موڵکی بوو لە خاریجی مەرکەزداو بە مەسافەی دوو سەعات ڕێگا دوور. زۆرم حەز لێ کردبوون و ئارەزووم دەکرد ڕێگایەك پەیدا بکەم ئەو موڵکانەی لێ بستێنم، چونکە هەروەکو لە غەربدا ئەوسا قاعیدەبوو هەرکەس ئەرازییەك یا موڵکێکی

---

(١)بڕوانە: کتێبی (الواقعية في الأدب الكردي) د.عزالدين مصطفى رسول، ل١٣٢-١٣٥.

(٢)بڕوانە: مێژووی ئەدەبی کوردی، علاء الدين سجادی، ل٥٤٥.

(٣)بڕوانە: کتێبی تیۆری ئەدەبی، د.شكری عزيز الماضي، وەرگێڕانی: پ.ی.د.سەردار ئەحمەد گەردی.

نەبووایە ناوی (کۆنت)ی نەئەدرایە... با خسوس لە خاکی فرانسەدا، کە بەبێ ئەرازی قابیل نەبوو ئینسان ببێ بە (کۆنت)"[١].
بەڵکو نەجیب زادە بوون لای ئەحمەد بەگ مەعریفەو هۆشیاریو عیلمو خوێندەوارییە، وەك دواتر ئاماژە بە هەموو ئەم چەمکانە دەکەین.

**٢. هەندێ تێڕوانینی (ماکیاڤیللی)یانە وەك دیدی سیاسی سەرەتایی لای ئەحمەد بەگ لە ڕۆمانەکەیدا:**

سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێم کە تێڕوانینێکی باوی هەڵە هەیە لەنێو زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئێمەدا سەبارەت بە بۆچوونە سیاسییەکانی (نیکولو ماکیاڤیللی) و بەتایبەتی کتێبی (الأمیر)ەکەی. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە خوێندنەوەیە بۆ ماکیاڤیللی هەڵەیە، بەڵکو وەکو (فرنسیس بیکون) دەڵێت: "ماکیاڤیللی بابەتی کەسەکان دەخاتە ڕوو بەو جۆرو شێوازەی کە هەن نەك وەك ئەوەی کە پێویستە وابکەن و وابن"[٢]. هەروەها بەردەوام دەبێ و دەڵێ: "ماکیاڤیللی پێی وایە سیاسەت هونەری فەرمانڕەوایی مرۆڤە بەڵام خودی مرۆڤ لای ماکیاڤیللی خراپن، هێندەی پەیوەست و هۆگری ماددیاتن بەو هێندەیە هۆگری ژیانی تایبەتی خۆیان نین.... مرۆڤەکان ڕیاکارن، خۆیان لە مەترسی دووردەخەنەوەو ترسنۆکن، بەڵام زۆر بەتەماعنو بەردەوام بە دەورتان تا ئەوکاتەی هەست بەوە دەکەن دەتوانن سودت لێ ببینن ئیتر هەموو شتێکی خۆیان دەکەنە قوربانی بۆت.....هتد"[٣].

ئەحمەد بەگ لە چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان)دا، باسی پیاوێك دەکات کە لەسەرەتاوە بەویژدانەو بەویژدانی تەنها سیفاتیەتی، بەڵام نامۆیە لەناو خەڵکیداو خەڵکی ئەمە بە خاڵی لاوازی دەزانن وەك (د.ئیحسان فوئاد) لە وەسفی ئەم چیرۆکەدا لە پێشەکیو لاپەڕە (٨)ی ئەم نامیلکەیەدا دەڵێت: "مەسەلەی ویژدان بەسەرهاتی پڕ لە ئازارو ئەشکەنجەی لەدەستچوونی ویژدانی ئادەمیزادێکی ساکارە لە کۆمەڵێکدا کە ویژدان بەلایەوە هەر بۆ ناوەو نرخو بوونی نییە"[٤].

لە دیمەنێکی سەرەتایی چیرۆکی مەسەلەی ویژداندا، (زۆراب ئەفەندی) داوای ویژدان لەو کرێکارانە دەکات کە دزی لە ئاغاکەی دەکەن... بەڵام ئەوان لە وەڵامدا دەڵێن: "برادەر ئەمە کە بەحسی ئینسانیەتو ویژدانکردنە لێرە پارە ناکات!"[٥].
سەیر لەوەدایە دوایی کابرای بەگزادە (زۆراب ئەفەندی) بە دزی تاوانبار دەکاتو وەسفی پیاوەکانی خۆی دەکات بەوەی کە: "تۆ درۆ ئەکەیت! من پیاوی خۆم ئەناسم دزی لە من ناکەن، ئەمانە هەر ئەو پیاوانەن کە تائێستا دە کەسیان بەبێ قەباحەت هەر لەبەر ئارەزووی من بۆیان کوشتووم و سەد کاروانیان بۆ ڕووت کردوومەتەوەو ئەم موڵکانە کە من هەمە لە سایەی چوار پێنج پیاوی وەکو ئەمانەوەیە!!"[٦].

ماکیاڤیللی دەیەوێت بڵێت ئەوەی لای مرۆڤی ئاسایی نائەخلاقیو ڕەزیلەتە، لای مرۆڤی دەسەڵاتدار خودی ئەخلاقو هونەرو فەزیلەتە...

ئەحمەد بەگیش دەڵێت: "مەعلوم بوو کە سەداقەت خیانەتەو خیانەت سەعادەتە.."[٧].

(١)مەسەلەی ویژدان یان: چۆن بووم بە خانەدان (چیرۆکێکی کوردییە)، ئەحمەد موختار جاف، پێشەکیو لێکۆڵینەوە: د.ئیحسان فوئاد، ل٤٥.

(٢)تراث الفكر السیاسي قبل الأمیر وبعده، د.فاروق سعد، ل٢٦.

(٣) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨.

(٤) مەسەلەی ویژدان، ل٨.

(٥)مەسەلەی ویژدان، ل٢٣.

(٦) مەسەلەی ویژدان، ل٢٤.

(٧) مەسەلەی ویژدان، ل٢٥.

ڕوونترو ڕەوانتر لە لاپەڕە (٣٠ بۆ ٣١)ی (مەسەلەی ویژدان)دا دەڵێت: "دوو عەرزوحالنووسی فەقیر کە دراوسێی دووکانم بوون و وەجهی مەعیشەتیان تەنها ئیستیدعا نووسین بوو، بە ئەمری بەلەدیە مەنع کران! منیش هەرچەند قەلبەن موتەئەسیر بووم بۆیان کە نانم بڕین، ئەمما لەبەرئەوە وەزعی موحیت وای تەقازی (پێویستی) ئەکرد کە هەموو شەخس سەعادەتی خۆی لە فەلاکەتی هاوجینس و هاوزمانی خۆیدا ئەبینێ، منیش سەرفی نەزەرم کرد لە ویژدان و وتم: "بە جەهەننەم ئەمرن لەبرسا! بە ئیستلاحی کوردی بە گونی بارگیرمەوە! با خۆم مەسعوود بم، ئینسان ئەبێ تابعی موحیت بێ"...، "چەند مودەتێ بە عەرزوحاڵ نووسین مامەوە، لە سایەی ئەو مەسلەکەوە میقدارێ پارەم کۆکردەوە وە بە واسیتەی ئەو پارەیەوە مەغرووریيەتێکی تەواوم لە خۆمدا دەرك دەکرد، وە بەو مەسلەکەی خۆم ڕازی نەبووم، هەموو وەختێ چاوم لە بەرزبوونەوە بوو بۆ جێگای عالی، هەرچەندە ئەو لیاقەتەم لە خۆمدا نەئەبینی. ئەمما چونکە زۆری وام دیبوو کە بەو هەموو جەهالەتەوە، من لەمان عالمتربووم وە مەقامی گەورەیان ئیشغال کردبوو، منیش ئەو ماخولیایە کەوتبووە سەرم و نەمئەزانی چی بکەم؟ ڕۆژێ لەگەڵ کابرای ئاشنام قسەم کرد وتم:

- فلانی من خەیاڵێکی وام هەیە؟ کابرا جوابی دامەوەو وتی:
- عەزیزم ئەوەڵەن پێم بڵێ پارەت هەیە یان نا؟
- مەبلەغێکی کافیم هەیە.
- کەوابێ ئیتر هەموو شتێ سەهلە، ئەمما بەعزێ مەسلەك هەیە ئەبێ قبووڵی بکەیت!
- وەکو چی؟
- مەزەڕەت بۆ هاوجینسی خۆت، درۆزنی، خیانەت!
- مەعنای ئەمە چییە؟

ئاشناکەم جوابی دامەوە:

– ئەمانە لەم موحیتەدا وەکو شەهادەتنامەی مەکتەب وایە لە سائیری وڵاتانا! هەتا وا نەبی ئومێدی تەرەقیکردن بێ مەعنایە! هەرچەند منیش ئەو مەسلەکانەم زۆر لا ناخۆش بوو، ئەمما ئەوەندە حەزم لە تەرەقی ئەکرد، لە دڵی خۆمدا، قەرارم دا کە وەکو ئاشناکەم وتی وەها بکەم. دەستم کرد بە درۆزنیو خیانەتو تەتبیقی ئەو پرۆغرامە (بەرنامەیە) کە کابرا بۆی دانابووم"[١].

تەنانەت لە لاپەڕە (٣٦)دا لەسەر زمانی زۆراب ئەفەندی ویژدان دۆڕاودا دەڵێت: "واسیتەی تەرەقی ئەم زەمانە، ناڕاستیو نەخوێندەواریو ساحێب پارەییە، من هەر سیانیانم هەیە..." دواجار کە لەسەر دزی دەگیرێ خۆی دەکاتە وەتەنیو خوێندەوارێکی معارزو لایەنگری ئیستقلال و حورِیەت[٢].

(١)مەسەلەی ویژدان، ل٣٢.

(٢) بڕوانە: هەمان چیرۆك، ل٣٨.

### ٣. ئەحمەد بەگ، دەسەلاَتدارێكی دونیانەویست و هەڵگری رۆحی عارفانە:

ئەگەر لەرووی سایكۆلۆژیو سۆسیۆلۆژییەوە سەیری تاكی كوردو پێكهاتەی خێڵەكی كورد بكەین، زۆر پەیوەست بووە بە خۆشویستنی دەسەلاَتەوە، تەنانەت بابەتی ملنەدانو ململانێی خێڵو دەسەلاَتە كوردییەكان بۆ یەكتری، بەشێكە لە سیفاتی دانەبڕاومان بەلاَم سەیرلەوەدایە (ئەحمەد موختار جاف) تەواو بێمنەت بووە لە پێگەو دەسەلاَتی سیاسی، وەك (د.عیزەدین مستەفا رەسوول) دەڵێت: "لە رووی سروشتو بیرەوە تەماشای رەفتاری ئەحمەد موختار دەكەین، دەبینین ئەم چەشنە پایەو كورسییانەی لەلا بێ بایەخ بووە...."[1]. هەروەها د.مارف خەزنەدار لەوبارەوە دەڵێت: "شاعیر لەدوای مووچەخۆری میریو مەقامی دەوڵەتی نەگەڕاوە، ئەگەر هەندێ جار تووشی بووبێ بۆ ناوی بووە نەك بۆ قازانج و پارە"[2].

هەروەها لە لاپەڕە (١٨)ی هەمان سەرچاوەدا دەڵێت: "ئەگەر باش لە بەرهەمو ژیانو مەرگی ئەحمەد موختار وردبینەوە، بەڕاستی دەبینین كە ئاواتی گەورەی هەبووە، خۆی لە خۆی گەیشتووەو تەمای ئەوەی هەبووە كە لە كاروانی پێشكەوتنو دوارۆژی نیشتماندا جێی دیاربێت. گەورەییش لای ئەو وەك وتمان –ماڵ و موڵكو پایەی بەرزی دەوڵەتی ئەوكاتە نەبووە، چونكە ئەوانەی لەبەردەستدا بووەو شەقی تێهەڵداونو رێگەیەكی تری گرتووە"[3].

دونیانەویستیو چاوتێری ئەحمەد بەگ هەندێك جار دەگاتە رادەیەك كە وەك عارفێك دێتە بەرچاو، تەنانەت بەجێهێشتنو پشت كردنە ژیانی كوڕە پاشایەتیو دەسەلاَتداریو پشتیوانی كردنی لە چینی هەژاران، زۆرجار (بودا)مان دەهێنێتەوەیاد كە ئەویش كوڕە پاشا بوو، دەرئەنجامی بیركردنەوە لە ژیانی هەژاران كۆشكی بەجێهێشت.

ئەحمەد بەگ لە لاپەڕە (٤١، ٤٢، ٤٣، ٤٤)ی چیرۆكەكەیدا دەمانخاتە جەدەلی چەند دیمەنێكەوە كە هەموویان بەدوای (سعادت)دا دەگەڕێن. هەندێكیان بە رووكەشو هەندێكیان بە جەوهەر، بەلاَم لە دەرئەنجامدا ئەحمەد بەگ لای وایە: براوە ئەوەیە كە دڵی نەداوە بە دونیاو تەسلیمی مادیاتی بچوكو حەرام خۆری نەبووەو دەروونی بەرزەو ئامانجی بەرزو بالاَی هەیە: لەم رووەوە دەڵێ: "بەعزەن لەبەر بێتاقەتیو موحتاجی تەنهایی بووم، بەتەنها ئەچووم بۆ سەحرا. چونكە وەقتی بەهار بوو وە هەموو كەس ئێواران ئەچوو بۆ دەرەوە، تەسادوفی زۆر جەمعیەتم ئەكرد كە دانیشتوون دەستە دەستە. بەعزێك عەرەقیان ئەخواردەوە، بەعزێ خەریكی ترياك و بەعزێ خەریكی بەنگ كێشان بوون، تاقمێ عەرەقخۆر لەسەر سەوزەگیا دەنكەكولەكەو گۆشتی برژاویان دانابوو، هەر جارێ پیاڵەیەكیان هەڵبگرتایە، هەر كەس بە ئەوی تریانی ئەوت "ئەمە بەشەرەفی تۆوە" یەكێ ئەیوت "بەناموسم ئەم جەمعیەتەم لە برای خۆم لا موحتەرەم و عەزیزترە". یەكێ لە سیاسەت قسەی ئەكرد، یەكێ لە فەلسەفە بەحسی ئەكرد، زۆر مەجلیسێكی خۆشیان بوو، ئەموت "ئەمانە وەكو برا وەهانە، هیچ وەقتێ عاجز نابن، وەك لە ئەهلی ئەم عەسرە ناكەن".

تاقمێ بەنگكێش هەر لەخۆیانەوە پێ ئەكەنین، نازانم پێكەنینیان بە وەزعیەتی حازرە ئەهات یا بەوانەی كە عاقڵنو ئیدیعای بەشەرییەت ئەكەن، وە یاخود بەخۆیان پێ ئەكەنین لە خۆشیانا كە ئەو مەسلەكەیان قبوڵ كردووەو وەكو بەعزێ كەسی عاقڵ خۆیان دووچاری فیكركردنەوە وە یا خەیالاَتێ نەكردووە، بەهەر كامیان پێ كەنین هەقە. ئەمما تاقمی ترياككێش كە یەك

---

(١) دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل١٣.

(٢)مێژووی ئەدەبی كوردی، د.مارف خەزنەدار، ل٤٧٦.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل١٨.

لەسەر یەك نەفەسیان لیٚ ئەدا وە چایی شیرین و پڕ ڕەنگیان ئەخواردەوە، مات و مەلوول دانیشتبوون وە قەتعەن سەدایان نەبوو وە حەتا لە دەنگی خەڵقی عاجز بوون. نازانم ئەو مات و مەلوولییە کە بوویان چی بوو؟ فیکرمان لەوە ئەکردەوە کە بۆچی خۆیان موبتەلا کردبوو بە ئیستیعمالی ئەو زەهرە کە حەیاتی عەزیزی ئەوانی مەحوو کردبووەوە، یاخو موازەنەیان ئەکرد بزانن تریاك کە بۆ تەداویی سحەتیان ئیستیعمالیان کردووە، تەئسیری بەخشیوە یان نا، چونکی ئەکسەری ئەوانە کە موبتەلا بوون بە ئیستیعمالی تریاك بەبەهانەی نەخۆشییەوەیە، کە لە پاشاندا موبتەلا بوونو لە میعادی خۆیدا ئیستیعمالیان نەکرد وجوودیان تێك ئەچێت، هەر کە ئیستیعمالیان کرد، فەورەن وجوودیان چاك ئەبێتەوە.

جا لەبەرئەوەیە کە بۆ هەموو عیللەت بەدەرمانی ئەزانن، ئایا هەر لە ئەوەڵەوە فێر نەبن چاکتر نییە؟

عەودەتم کردەوە ناو شار، سبحەینیٚ کە چووم بۆ سەرا، هەموو عەرەقخۆرەکانم لە سالۆنی مەحکەمەدا چاو پیٚ کەوت، یەکیٚ سەری شکابوو، یەکیٚ دەستی، یەکیٚ خەنجەرێکی پێوە بوو، حاسڵی، هەر یەك بە نەوعێك بریندار بوون، زۆر تەعەجوبم کرد.

لە فەڕاشی مەحکەمەم پرسی:

– لام مەعلووم بکە ئەمانە چییە؟

– قوربان ئەمانە دوێنیٚ عەرەقیان خواردووەتەوەو لە ئەسنای سەرخۆشییا شەڕیان بووە لەناو خۆیانا.

زۆر تەعەجوبم کرد، نەتیجەی ئەو هەموو موحیبەتەی دوێنیٚ کە من لەوانم دی، بۆچی وای لیٚ هات؟ مەعلوم بوو ئەو موحیبەتەش هەر خەیاڵی سەرخۆشی بووە. ئەڵبەتە شتێك کە عەقڵ زایل بکا نەتیجەی هەر وەها ئەبێت. تەسادوفەن، ئێوارەیەکی تر چووم بۆ سەحرا، تێفکریم لە کەناری ئاوێکی پاك و سەوزەگیایەکی جواندا دەروێشێك دانیشتووە کە سیمای شەهادەتی ئەدا پیاوێکی عاقڵ و تێگەیشتووە. چووم سەلامم کرد وە جوابی دامەوە. لەلای دانیشتم، ئەو هیچ قیامی لەبەر نەکردم، من لە دڵی خۆمدا پێم ناخۆش بوو، وامزانی لەبەر کوسرەتی تەفەکور بوو، ئەمما لەپاش چەند دەقیقە بۆم مەعلوم بوو لەبەر لاقەیدییە لە دنیا. لەپێش ئەوەدا کە من قسە بکەم ڕووی تیٚ کردم و وتی:

– برادەر لە زەمانی قەدیمەوە شاعیرو فەیلەسوفەکان ناوی دنیایان بە پیرەژن بردووە، ئەمە لەلای تۆ سەحیحە یان نە؟

منیش چونکە هیچم لیٚ نەئەزانی وتم:

– چیت عەرز بکەم؟

– عەزیزم دنیا پیر نەبووەوە، چونکە مەعنای پیر ئەوەتە کە ئینسان پیر بوو، قووەتی هەموو ئەعزای کەم ئەبیٚ، هەرکامیان لە وەزیفەی خۆیاندا، تۆ تەماشا بکە! بزانە ئەم دنیایە هیچ لە وەزیفەی خۆیدا، یەعنی لە پەروەردەکردنی ئینسانو حەیواناتو نەباتاتدا کەمی کردووە؟ لاکین ئەوەندە هەیە، خۆمان پیر ئەبین، لەکار ئەکەوین و ئەمرین قەباحەت ئەخەینە سەر دنیا. بەپێچەوانەوە دنیا هێشتا منداڵە، چونکە ڕۆژ لە ڕۆژ وا لە تەریقیدا وە هێشتا تەکاملی نەکردووە، لەوانەدا کە ئەو پەروەردەیان ئەکا قیسمێکی ئینسانە کە گوایە لە هەموو ئەو شتانەی کە ئەو پەروەردەی کردوون حیس و عەقڵیان زیاترە، با وجوودی ئەو هێشتا قیسمێکی زۆر لە ئینسان وان لە حاڵەتی وەحشەتدا کە زۆریان ماوە تەکامول بکەن، ئەوانەیشیان کە لایان وایە خۆیان تەکامولیان کردووە، هێشتا لەلای من وەها نین، چونکە ئەگەر وەها بوونایە، ئەوەڵ وەزیفەی تەکاملی

ئەوانە دۆست بە هەموو بەنی نەوعی خۆت، ئەبوایە سەعیان بکردایە ئەوانەی کە هێشتا لە حاڵەتی جەهالەتدا ماونەوە تەکامولیان پێ بکەن، ئایا منداڵێکی نەفام کە لەلەی لەگەڵدا بێت؟ شتێکی خراپ بکات یا دەستی خۆی بسوتێنێ، خۆی مەسئولە یا لەلەکەی؟ تەبیعی ئەگەر بیزانیایە ئاگر دەست ئەسوتێنێ، دەستی خۆی نەئەکرد بە ئاگردا! کەوابوو کابرای لەلە مەسئولە. ئایا مەعنای تەکامول ئەوەتە ئینسان هەر بۆ خۆی هەوڵ بدات؟ بەیاناتی دەروێش تەئسیرێکی گەورەی کرد لە دڵمدا وتم:

— بۆچی تەشریف ناهێنی بچین بۆ ماڵی ئێمە؟ من رەئیسی ئەم قەزایەم، ماڵی جوان و خۆراکی باش و نوێنی پاکم هەیەو چەن ڕۆژێك خزمەتت بکەم؟

جوابی دامەوە وتی:

— هیچ وەقتێ باوەڕناکەم لەم جێگەی خۆمە خۆشتر بێت. چونکە ئەو فەرشو نوێنی تۆیە موتلەقەن هەقی غەیری وا بەسەرەوە. ئەو نانی تۆیە بە تەحقیق لە نەتیجەی زوڵمێکەوە پەیدا کراوە. ئەو خانووە جوانە، ئەمینم کە زۆرکەس بە نارەزامەندی ئیشی تیادا کردووە، کە لە ئۆدەکانیدا دائەنیشی زۆر مەحدوود ئەبینی، یەعنی هەر چاوت وا لە دیوارەوە وە تەجەمولاتی ناویەوە. ئەمما لەم سەوزەگیایە کە من لەسەری دانیشتووم، لە قودرەتی سانعێکی بێ منەتەوە دروستکراوە کە موحتاجی هیچ نییە، وە ئەم ئاوە موباحە بەم پاکییە بە پێش چاومدا ئەڕواتو مەنزەرەیەکی زۆر جوان تەشکیل ئەکات، ئەویش بە قودرەتی سانعێك کە فەوقی هەموو عالەمە، لە نەتیجەی بارانەوە پەیدا بووە، تەماشای ئەم فەزای ناموتەناهییە ئەکەم زۆر لە سەیری ئۆدەکەی تۆ جوانترە، چونکە ئیحتیمالە وەقتێ تۆ سەیری ئۆدەکەت ئەکەیت بەعزێ شتی تیادا ئەبینی کە هینی غەیر بووە، وە لە نەتیجەی زوڵمێکەوە پەیدات کردووە، ئیحتیمالە ویژدانت موعەزەب بێ، ئەمما من کە سەیری ئەم فەزا ناموتەناهییە ئەکەم کە هەقی غەیری تیایدا نییە ویژدانم موستەریحەو زۆر پێی موتەلەزیز ئەبم کە سەیری ئەم مەوجووداتە ئەکەم کە چەند نەوع مەخلوقاتی تێدا خەلق کراوە. جا لەبەر ئەمانە من ناتوانم بێم بۆ ماڵی ئێوە!

بەیاناتی دەروێش تەئسیرێکی گەورەی کرد لە دڵمدا. خوداحافیزیم لێ کردو بە ماتو مەلوولی عەودەتم کردەوە بۆ ماڵێ".

لێرەوە جەخت لەسەر ئەو ئایدیایەی ڕابردوومان دەکەینەوە کە ئەحمەد بەگ ڕۆشنبیرێکی دووربینو عەقڵ سیاسیو دڵسۆزو خاوەن ئایدیای خۆیەتی کە خەمی کۆمەڵگەو نیشتمانو پێشکەوتنو پێشکەوتنخوازی لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕۆشنبیرە شاعیرە بوون.

## بەشی دووەم:ئەحمەد بەگ ڕۆشنبیری ڕەخنەگرانە

بێگومان ڕەخنەگرتن‌و دیدی ڕەخنەگرانە لەپێناو هێنانە کایەی ژیانێکی باشتر ئەرکی ڕۆشنبیرە، ئەحمەد بەگ لەم بوارەدا زۆر هۆشیارانە ڕەخنەی ئاراستەی زۆر کایە کردووە، لەوانە:

### ١- نەریتی نەگونجاوی کۆمەڵگە:

نووسەر لە چیرۆکەکەیداو لە لاپەڕە (٥١)دا بابەتێکی نەریتی دواکەوتووی کۆمەڵگەی بیرنەچووە کە دەیخاتە بەر ڕەخنەی توند کە ئەویش ژن دانە لەبری خوێن: "لەپاش چەند ڕۆژێك وەعدەم وەرگرت کە بە وەزیفەیەکی گەورەتر تەعین بکرێم. دوای تەواوبوونی مودەتی مەئزونیەتەکەم، گەڕامەوە محەلی وەزیفەکەی خۆم. تەسادوفەن بۆ دەوریە لە مەرکەزی قەزا چومە دەرەوە، لە بەینی دوو عەشیرەتدا کە داخڵی ئەو قەزایە بوون، چەند ساڵێك لەوەپێش شەڕو شۆڕێك واقیع بووبوو، وە سێ چوار کەس لە بەینی ئەواندا کوژرابوون. لەو وەقتەدا کە من گەیشتمە ئەو ناوە مەشغوڵ بوون لەناو خۆیاندا سوڵحیان ئەکردو قەراری موساڵەحەیان دابوو، بەم نەوعە کە قاتیلەکانی ئەم عەشیرەتە دوو کچی خۆیان بدەن بە کوڕی مەقتولەکانی ئەو عەشیرەتەکەی تر، وە قاتیلەکانی ئەولاش دوو خوشکی خۆیان بدەن بە برای مەقتولەکانی ئەم عەشیرەتە. خۆم گوێم لێ بوو کچەکانی ئەم عەشیرەتە هاواریان ئەکرد ئەیانوت: "بۆ خاتری خودا ئێمە ئەوانە ناناسین کە ئێمەتان داوە بە ئەوان، هەتا ئێستا نەماندیون؟ ئێمە خۆ کەسمان نەکوشتووە کە مەسئول بین‌و دڵی قەوم‌و خوێشیان شادو مەمنون بکەین. خوا هەڵناگرێ یەکێکی تر قەتلی کردووە، یەکێکی تر کوژراوە، ئێمە بۆچی بکەوینە عەزابەوە؟ ئیحتمال ئێمە دڵمان تەعەلوقی بە شەخسێکی کەوە بێت بۆچی ئێوە سەرمایەی حەیات‌و ژیانی ئێمە مەحوو ئەکەنەوە؟ ئەمانە خوداو ویژدان قبوڵی ناکات؟" بێ خەبەر بوون کە خودا ئەوەندە سەبری هەیە هەزار شتی وەهای قبوڵ کردووەو ئەیکات، وە ویژدانیش تەنیا هەر ئیسمی هەیەو کەس بە چاو نەیدیوە! کوڕەکانی عەشیرەتی ئەولا لەگەڵ کچەکاندا بیستبوویان من لەو ڕۆژانەدا وام لەوێ، بە هەر نەوعێك بۆیان مومکین بووبوو، خۆیان نەجات دابوو و فیراریان کردبوو، هاتنە لای من. ئەوەڵەن کچێکیان کە زۆر جوان‌و مەحبووبە بوو پێی وتم! "جەنابی ڕەئیس ئەمڕۆ ئێمە زۆر بەختیارین کە جەنابی عالیتان تەشریفی هاتووە بۆ ئەم ناوە، چونکە ئومێدمان وایەو بە تەحقیق ئەزانین کە هەقی مەزڵووم لە زاڵم دەسێنی".

هەروەها لە لاپەڕە (١٩)ی هەمان چیرۆکدا باس لە پیس‌و چەپەڵی‌و باوەڕی دواکەوتوو دەکات: "حەوشەکەیان پڕ لە پیسی‌و حەوزەکەیان بۆگەن، مەنجەڵەکەیان هەموو ژەنگاوی بوو. بەعزەن ئەمدی فەقیانەی ئەو کراسە جوانەی، وەستاژنم لووتی بێ ئەسرێ ڕۆژێ پێم وت:

- وەستاژن ئەگەر دەستەسرێ بکڕێ بە چوار عانە بۆ لووت سڕین چاکتر نییە؟ وە ئەگەر ئەم حەوشەیە هەموو ڕۆژێك پاك بکرێتەوەو لەو ئاوە پیسە چێشت لێ نەنێن خۆشتر نییە؟
- ڕۆڵە گوێ مەیەرێ تەماشاکە ماڵی فلان‌و فلان کە لە ئێمەش دەوڵەمەنترن وەهایە. زەرەریش نییە بۆیان!
- ئەی مەسئەلەی حیفزولسیحە (لەشساغی) چییە؟
- ئەم قسانە درۆیەو ئێمە باوەڕمان بەم نەوعە شتانە نییەو ئەم قسانە دکتۆرەکان‌و مەکتەبلییەکان کە کافرن وتویانە وە ئیللا بۆ هەموو نەخۆشییەك، دۆعایەك یا شەخسێك هەیە. نیهایەت ئینسان یا کەللەیەك شەکر بۆ

موریدێك یا شەخسێك ئەباتو یاخو نەختێ دانوولە وە یاخو سیوجگەرێك بۆ شەخسێك ئەباتو لە دەست ئەو نەخۆشییە نەجاتی ئەبێت. تەماشاکە عیللەتی باداری کە گاورەکان ڕۆماتیزئینی پێ دەڵێن وە هێشتا دەرمانی نەدۆزراوەتەوە، هەرکەسێ بییێ ئەچێتە سەر کانی با و خەلاس ئەبێ بەبێ دقتۆرو دەرمان، ئیتر ئەوانەی تۆ ئەڵێی درۆیەو باوەڕی پێ مەکە! بیستومە نەختێ خوێندەواری، ئەگەر ئەتەوێ لەلای ئێمە بیت، ئەم نەوعە قسەی کافرانە مەکە".

**٢- هۆشیاری ئاینیو ڕەخنە لە ئاین کاتێك کە ئیستغلال دەکرێت:**

ئەحمەد موختار وەك پیاوێکی هۆشیار، لە نوسینەکانیدا ئاینو چۆنیەتی بەکارهێنانی ئاینی بۆ بەرژەوەندی جیاکردۆتەوە.

– "وەستا ئایا بە شەریعەت غەلوغەشکردن لە تیجارەتا حەڵاڵە؟

وەستام کە لەوە دەچوو قەت ئەوەی بەمن ڕەوا نەبینیبێ سوئالی وای لێ بکەم، بە نیوە مۆڕی و نیوە تەعەجوبێکەوە سەیری کردم و ئەمجا فەرمووی:

– هەرچی تەسهیلی مەعیشەت بکات بۆ خەڵکی جائیزە، بەو شەرتەی قەتڵو عەرزو ناموس بردنی تیا نەبێ!

– ئەی مەسئەلەی ویژدان چییە؟

– هەتیو لەمە زیاتر قسە مەکە!"[١].

هەروەها:

– "قوربان بۆچی مولاحەزەی نەزافەتی ئەم مزگەوتە ناکەن؟ مزگەوت ماڵی خودایەو ئەبێ لە هەموو جێگایەك پاکتربێ وە ئەم ئاوە دەستنوێژی دروست نییە، ئەوەندە تفو بەڵغەمی تێ کراوەو، ئاوی زۆر کەمەو ڕەنگو تامی گۆڕاوە، دەستنوێژیش مەقسەد لە نەزافەتە، ئەم ئاوە ئینسان پیس ئەکات!

مامۆستا جوابێکی زۆر مەعقوولی دامەوە:

– ڕۆڵە دیارە نەخوێندەواری! بۆچی نازانی ئەم حەوزە قولەتێنە؟ قولەتێن چۆن پیس ئەبێ؟

کەوای فەرموو سکووتم کرد.

ڕۆژێ لەبەر هەتاوی مزگەوت دانیشتبووم لەگەڵ مەلا کە دەرسی ئەوتەوە، جار جار دەستی ئەبرد لە لا ملی ئەسپێی ئەگرتو فڕێی ئەدا، لەو وەقتەدا لە ماڵی مەلاوە نانیان هێنا. مەلا بەدەستی نەشۆراوەوە دەستی کرد بە نان خواردن، عەرزم کرد:

– قوربان بۆچی دەستت نەشۆرد؟

– ڕۆڵە هەموو دوو سەعات نابێ دەستنوێژم شۆردووە!

– ئاخر ئێستا ئەسپێت لە لا ملت گرت؟

– بۆچی نازانی من سەرەڕای مەلایەتی داخڵی تەریقەی قادریش بووم کە لە تەریقەی قادریدا کوشتنی کێچ و ئەسپێ جائیز نییە، ئەیانگرین و زۆر بەبێ ئەزیەت فڕێیان ئەدەین، ئیتر بۆچی دەستم پیس ئەبێت؟

---

(١)مەسەلەی ویژدان، ل١٦.

هەقیقەت تەقدیری مەسلەکی مەلام کرد کە ئەوەندە تەرەفداری موحافەزەی زیڕوحە (گیانلەبەر) وە هیچ ئارەزووی زەحمەتی زیڕوح ناکات.

بۆ سبەینێ دووبارە چوومەوە مزگەوت، تەماشام کرد قەرەباڵغێکی زۆر دانیشتوون و مەلا، وەعز دەخوێنێتەوەو ئایەتو حەدیس بۆ ئیسپاتی ئەو قسانە کە ئەیکرد بە دەلیل ئەیهێنێتەوە، یەکێ سڵاوات ئەدات، یەکێ ئەگریا، یەکێ تۆبەو ئیستیغفاری ئەکرد. منیش لە بەینی سامیعیندا لەلای کابرایەکەوە کە زۆر ئەگریا دانیشتبووم. بە کەماڵی مەلامەتییەوە لێم پرسی:

– تۆ کە ئەوەندە ئەگریت ئەڵبەتە لە هەموو کەس چاکتر لە مەعنای ئەم وەعزەو مەعنای ئایەتو حەدیسە تێ ئەگەیت.

جا حەز ئەکەم منیش حاڵی بفەرموویت!

– نەوەڵڵا باوکم من نازانم مەعنای چییە، هەر ئەوەننە ئەزانم کە عارەبییە!

– ئەمجا کە تۆ مەعنای تێ ناگەیت بۆچی ئەگریت؟

– بیستوومە هەرچی بە عارەبی بێت بەحسی قەبرو قیامەتە!

زۆر تەعەجوبم کرد لەم ئەحواڵە. خۆم پێ نەگیراو لە وەقتی وەعز خوێندنەوەدا کە مەلا ئایەتێکی خوێندەوە دەرحاڵ عەرزم کرد:

– قوربان چونکە من زمانم عارەبی نییەو مەعنای نازانم، ئەگەر مەعنای ئەو ئایەتە بەکوردی بفەرموون زۆر مەمنوون ئەبم!

هەر کە وەهام وت مەلا هاتە خوارەوەو بە چەپۆك دای گرتم.

وتی: کافر بوویت، قسە مەکە!

سائیری خەڵقەکەی تریش بە چەپۆك دایان گرتمو وتیان "بیکوژن ئەم کافرە!" غەزایە"[١].

**٣– ڕەخنە لە دەسەڵاتداربوونی جاهیل و دووری عاقڵەکان:**

کێشەی گەورەی نیشتمان ئەسیری دێوی جەهلە.

١–مەکەن مەنعم کە وەك مەجنوون خەریکی هاتوچۆی کێوم
پەشێوی لەیلی کوردم تاکو ڕۆحم دێتە سەر لێوم
٢–وەتەن فەرمووی بە خەندەی نازەوە هەروەك پەری وامە
ئەما حەیفێ کە چەند ساڵە ئەسیری پەنجەیی دێوم
٣–هەمیسان پێی وتم ئەوسا مەکانی شەخسی عاقڵ بووم
فەقەت چیبکەم ئەمە چەند موددەتە بێ ساحێب و خێوم
٤–دەخیلتان بم وەکو عارەب، توخوا مەمگۆڕنەوە هەرگیز

(١) مەسەلەی ویژدان، ل٣٢–٣٣.

به ڕوپیەو پارە هەرچەند ئێستەکە مشتیٚ چلٚوچێوم

٥-بەجاریٚ ئەمرۆ جاهیل غالٚبە، عاقلٚ بووە مەغلٚووب

ڕەفیقان سا نیشانم دەن قوریٚ تا بێمو بپیێوم

٦-لـە داغی دەهری دوون شەرتە بەسەرما گەر بڕووخیٚ چەرخ

گەلیٚ نامەردم ئەر شانم لەبەر ئەو بارە بزیێوم

٧-لـە عەرسەی شیعردا، (ئەحمەد) عەجایب شەهسوارێکە

لـە مەیدانا بزانە ئەسپی خۆم چۆنی دەئاخێوم[1]

**٤- ڕەخنە لـە مەحسوبیەت و مەنسوبیەت:**

ئەم پەتا هەستیارە کارگێڕییە لـە چیرۆکەکەیدا هاتووە. لـە لاپەڕە (٢٤)ی چیرۆکەکەیدا باسی دەردی مەحسوبیەتو مەنسوبیەت دەکات کە چۆن بازرگانەکان ئیستغلالی پۆلیسو قانون دەکەن بۆ تەماعی خۆیانو پیاوانی دەولـەتیش بە مەیلی بازرگانەکانو بۆ پارە قانون وەردەگێڕن:

– "لـەوە زیاتر قسە مەکەن وەئیللا ئەلێم بە پۆلیس دەرتان بکات! بڕۆن شکاتم لیٚ بکەن، ئەوسا چاوتان بەخۆتان ئەکەوێت، ئەوانەی ئێوە شکاتی لـە لا ئەکەن، هەموو شەو لـە دیوەخانی منا قاوە و چایی ئەخۆنەوە!".

٥- ئەحمەد بەگ و ڕەخنە لـە سیستمی ئیداری:

ئەحمەد بەگ کە خۆی پیاوی بەئەزموونی دەولـەتداریو ئیدارە بووە، ڕەخنەیەکی زۆر کارگێڕی جوان دەگرێت لـە سیستمی ئیداری ئەوکات کە تائێستاش بۆ ئێمەی کورد دەردێکی کوشندەیە، بەوەی کە بەڕێوەبەرێکی نویٚ کە دادەمەزرێت لـەبری تەواوکردنی کاری ئەوانەی پێش خۆی، دەکەوێتە ڕەفزکردنی هەموو ئەوکارانەی پێشووتر کراوە، وەك لـە لاپەڕە (٣٩)ی چیرۆکەکەیدا دەلێت: "چوومە سەرا، بەبیٚ ئەوەی چاوم کەوتبیٚ بە ڕەئیسی پێشوو، بەبیٚ ئەوەی بیناسم لـەخۆمەوە قینم لیٚ هەلٚگرتبوو، ئەم پرۆغرامەم بۆخۆم دانابوو کە هەرچی ئەو کردبووی بە عەکسی ئەوەوە معامەلە بکەم....".

٦- ئەحمەد بەگ ڕەخنەی هەیە لـە سیاسەتی نێودەولـەتیو ناوچەیی:

ئاستی هۆشیاری سیاسی بەجۆرێك بووە، کە تێڕوانینی جیاواز بووە لـەگەلٚ کۆی خەلٚکی لـەسەر بڕیارە نێودەولـەتیو ناوچەییەکان.

٦-حالٚی کورد ئێستا لـە بەینی تورك و ئێران و (..........)

بێچوە تەیرە کەوتووەتە داوی مندالاٚنەوە

٧-ئەم قەراری عوسبە وا خەلٚقی ئەلێن بۆ کورد ئەبیٚ

هەر قسەی ڕووتەو قسە ناچێتە ناو گیرفانەوە[2]

(١) دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل٨٦.

(٢) دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل١٣٤.

مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد 2. العدد 4 .كانون الاول 2016: ص ص 343-361
e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

## بەشی سێهەم:ئەحمەد بەگ و هێزی هۆشیاریو ڕۆشنبیریو زانستخوازی

نووسەر، کۆی بەرهەمەکانی لێوانلێون لە خەمخۆریو دڵسۆزیو ڕۆشنبیرێکی خاوەن پرەنسیپ بۆ نەتەوەکەی، لە فراوانی ڕۆشنبیریو هۆشیاریدا ئاسۆی نەتەوەیەکی کارا بەدیدەکرێت، خاوەنی هەڵوێستی ڕۆشنبیری بەرپرسانەیە بەرامبەر بەنەتەوەکەی لە هەمووی گرنگتر هۆشیاریو زانستو پێشکەوتنخوازی بە بناغەی پێشخستنی کۆمەڵگەکەی دەزانێتو تەنها نەزانینو دواکەوتن بە دوژمنیو لەمپەری سەرەکی دەزانێت[1].

د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ لە پێشەکی دیوانەکەیدا لەسەر زاری (شاکر فەتاح) بۆمان دەگێڕێتەوە کە ئەحمەد بەگ باسی نووسینێکی خۆی بۆکردوونو لەوێدا ئامانجی خۆی لە نووسین دەرخستووە، کە دەڵێت: "چیرۆکێکی کاریگەری قوربەسەری کوردم نووسیوەتەوە، نارەسەنی بێگانە پیشان دەدات، چاوی کورد دەکاتەوە..."[2]. واتە ئامانجی بنەڕەتی چاوکراوەیی کوردە...

**١– هۆشیاریو خوێندەواری، وەك دیارترین تایبەتمەندی ئەحمەد بەگ:**

د.عیزەدین لە پێشەکی دیوانەکەیدا باس لە پاڵنەری جوامێری نوسەرمان بۆدەکاتو دەڵێت: "گومان لەوەدا نییە کە هۆشیاریو خوێندەواریو لێکدانەوە، ئەحمەد موختاری بە ڕێگەی پیاوەتیو نیشتمان پەروەریدا بردووە"[3].

**٢– لای ئەحمەد بەگ ئەم غافڵی وەتەنە چارەسەری لای فیرقەی منەوەر (ڕۆشنبیران)ە:**

١–سەیری کەن خەڵقینە توخوا حاڵەتی زاری وەتەن
چەند پەرێشانە لەبەر غەفڵەت هەموو کاری وەتەن
٢–وەختی تێکۆشانە ئەی قەومینە غەفڵەت تا بەکەی
وا خەزانی کردووە ئێستێکە گوڵزاری وەتەن
٣–خۆ وەتەن ئەمرۆ نەخۆشە ئەم تەبیبی حازیقە
چی ئەبێ بیکا موداوا قەلبی بیماری وەتەن
٤–کوانێ خەڵقینە لەکوێن فیرقەی مونەووەر تینەتان
چونکە ئەو فیرقە ئەزانن دەردو ئازاری وەتەن
٥–من بە باخ و گولستانی جەننەتی ناگۆڕمەوە
خاکی ئەو جێگەی کە کوردە نەشتەری خاری وەتەن[4]

(١) مێژووی ویژەی کوردی – صدیق بۆرەکەیی – بەرگی دووەم، ل٦٩٤.
(٢) دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل٤١.
(٣) دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل٢٢.
(٤)سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.

**٣- لای ئەحمەد بەگ مەکتەب تەداویە، عیلـم و عیرفان سیلاحە:**

هەڵ بکەن ...... کوردی مەقسەدم تالاَن نییە
پارە تەحسیل کردنو ڕووت کردنی کاروان نییە
غەیری مەکتەب بۆ تەداویی ئێمە هیچ دەرمان نییە
هیچ سیلاح چاتر لـە عیلـمو سنعەتو عیرفان نییە
زووبەزوو تا ئیش لـە دەس دەرنەچوە سا هەوڵێ بدەن[1]

**٤- لـە هۆنراوەیەکی فارسیدا باسی گرنگی عیلـمو ڕۆڵی ڕۆژنامەی بانگی کوردستان دەکات، واتە پەی بردن بە ڕۆڵی ڕۆژنامە لـە هۆشیاری کۆمەڵگەدا:**

١-صبح چون خورشید رخشان سر بزد أز کوهسار
(بانگ کردستان) ما پرتو فشان شد اشکار
٢-چون نسیم علم و عرفان بر مشام ما وزید
خواب پر شور جهالت کرد أز سرها فرار
٣-گر بچشم عقل ما دقت نماییم این زمان
قوم کرد أز لطف حق هستند جمله بختیار
٤-کور گشته چشم حاسد، بختشان پژمرده شد
أز ترقی و تعالی همین قوم کبار
٥-روز عیشو شادیو گاه سرورو عشرت است
لایق است گر جان خود سازم بدین مژده نثار
٦-هرکسی اهمال ورزد بی گمان در وقت خود
روسیه گردد بدیوان خدا روز شمار[2]

**٥- ترسی ستەمکار لـە مەعریفە:**

نوسەر ڕای وایە ستەمکار تەنها لـە زانینو زانست ترسی هەیە، چونکە لـەمپەڕە لـەبەردەم ستەمی ستەمکاردا. لـە لاپەڕە (٤٠) و (٤٧)ی چیرۆکەکەیدا زۆر بەڕوونی ئەو دیمەنەمان بۆ مانفێست دەکات، کە ستەمکار ترسی یەکەمی لـە عیلـمو هۆشیاری تاکەکانی نێو کۆمەڵگە هەیە:

"هیچ تێ نەئەفکریم کە ئێمە هەردووکمان خزمەت بەیەك حکوومەت ئەکەینو هیچ عەداوەتێکمان لـەمەوپێش نەبووە، بۆچی وا بکەم بەڵکی عەقڵی ئەو لـە من چاکتر بووبێ، بۆچی چاك بە خراپ تەبدیل بکەم؟ هەر لـە خۆمەوە بووبووم بە

(١) هەمان سەرچاوە، ل١٠٦.

(٢)دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل٧٣.

**دوژمنی ئەگەرچی خۆیشی لەوێ نەبوو. عەجایب لێرەدایە هەر وەقت چاوم بکەوتایە بە منداڵێکی مەکتەبلی ئەگەر ئەولادی خۆیشم بووایە، حەزم ئەکرد بیکوژم، چونکە وەهام موازەنە کردبوو کە ئەگەر ئەوانە گەورە بن وەزیفە دەست ئێمە ناکەوێت، با خسووس، لەوان زیاتر ڕقم لە موعەلیمەکان بوو. لە دڵی خۆمدا ئەموت "ئەم شەیتانانەی خراپن، هەر ئەمانەن کە نەشری معاریف ئەکەن وە ئاخری خاتیمە ئەدەن بەم ئەحواڵە وە نانمان ئەبڕن". ئەمما دڵم زۆر قایم بوو بە ئەوە کە ئەوەندە خەڵق لە خسووسی ڕەغبەتکردن بە مەعاریف ساردبوون، ئەمزانی تا من حەیاتم هەیە ئەوە نابینم وە هەمیشە ئەکسەرییەت بە تەرەف خۆمانەوە ئەبێ، چی بکەم دەسەڵاتم نەبوو کە هەرچی مەکتەبی ڕەشوڕووتەکان هەیە دایبخەمو ئەم خەتەرەیە لە دڵی خۆم لابدەم؟"[١].**

**هەروەها:**

- **"تۆ ئەزانی خودا کێیە؟ ئەوی تریان وتی:**
- **تۆ قسەی قۆڕ ئەکەی، چۆن نازانم؟ دیارە خودا ڕەئیسی قەزا زۆراب ئەفەندییە!**

**کە منداڵەکەی تر ئەوەی بیست دەستی کرد بە پێکەنینو وتی:**

- **پەشیمان بەرەوە، زۆراب ئەفەندی عەبدێکی زەعیفە وەکو منو تۆ! خودا ئەوەتە کە لە هەموو جێگایەك حازرەو ئەم دنیایەی دروست کردووە وە هەمیشە باقییە.**

**منداڵەکەی تر وتی:**

- **جا ئەگەر زۆراب ئەفەندی خودا نییە، بۆچی هەزار ئەمر بدات ئیجرا ئەکرێت؟ و بۆچی بە حیدەتو لوتفی، هەموو خەڵق ڕازین؟ سەبەب چییە کەس نییە کە هەقی خەڵقی لەو بستێنن؟ مەعلووم بووە تۆ شێتیو تێ نەگەیشتوویت کە زۆراب ئەفەندی بەخوا نازانی؟**

**دووبارە ئەوی تریان وتی:**

- **برای خۆم تۆ بۆچی خۆت شێت کردووە، خودا فەوقی هەموو عالەمە نیهایەت ئەم زۆراب ئەفەندییە مەئمورێکە لە تەرەف حکوومەتی خۆیەوە تەعین کراوە، قانوونێکی دراوەتە دەست معامەلەی پێ بکات. ئەمما چونکە لە موحیتی ئێمە قانوونەکە بە زوبانی خۆیان نییە، وە لە مەعنای نازانن وە یاخود خوێن لە وجوودیاندا نییە، وە لە تەڵەبی هەقی خۆیان عاجزن هەزار زوڵمو زۆر بکات کەس دەنگ ناکات، لەبەرئەوەتە ئەوانەی کە بێ عەقڵن بە خودای ئەزانن. ئەگەر ئەو کابرایە کە تۆ بە خودای ئەزانی لە بەعزێ مەملەکەتی موتەمەدینا بێ، حەتا حەماڵێشی دەست ناکەوێت.**

**تیکرار منداڵەکەی تر وتی:**

- **ئێمە کە تازە چووینە مەکتەب خۆت ئەزانی لە ڕەفیقەکانمان بیستووە کە لە بەعزێ مەملەکەتی موتەمەدینا، حەتا ئەوانە کە مەئزوونی مەکتەبن، ئوتومبیلچیەتییان دەست ناکەوێ، ئەی سەبەب چییە ئەم کابرایە ئەوەندە گەورە بوو؟**

---

**(١)مەسەلەی ویژدان، ل٤٠.**

– عەزیزم ئەو مەملەكەتانە هەموو خوێندەوارن وە لەوانە عالمتر هەیە.

– بۆچی لە زۆراب ئەفەندی عالمتر لەم موحیتەدا نییە؟

– بەڵێ هەیە، لاكین ئیحتیمال ئەوەی كە وا ئەم قبوولّی ئەكا، خوێندەوارەكان تەحەمولی ناكەن! ئەمما هیچ عاجزیش مەبە رۆژێك ئەبێت حەقیقەت جێگەی خۆی بدۆزێتەوەو ئەم میللەتە فەقیرە بێدار بێتەوەو ئەم نەوعە میقرۆبانە دەفع بكەن، چونكە ئەم زوڵمە كە ئەمانە كردوویانە بەپیشە، ئاخری ئەهالی مەجبوور ئەبن بەفیكركردنەوە بۆ پەیداكردنی رێگایەكی نەجات، چونكە حەپس تا زیاتر ئەزیەتی بكەن، زیاتر فیكر ئەكاتەوە بۆ رێگەی وەسیلەی فیرار.

كە ئەم قسانەم بیست لە منداڵەكان زۆر لە دڵی خۆمدا حیدەتم كرد، وتم: "ئەم شەیتانانە تازە چوونەتە مەكتەب‌و فیكریان وەهایە، ئاخۆ ئەگەر تەحسیل تەواو بكەن چلۆن ئەبن وە حاڵی ئێمە چی لێ بێت؟ ئاخ مومكین بووبووایە ئەم نەوعە شەیتاناتەم لەم موحیتەدا نەهێشتایە؟" لەپاش فیكركردنەوە بە عاجزییەوە چووم بۆ مەقامی خۆم"[1].

**٦- لە لاپەڕە (١٨، ٢٠، ٢٦، ٣١، ٣٥)ی چیرۆكەكەیدا كە باسی پاڵەوانی چیرۆكەكە دەكات بەوەی هێشتا بەویژدانەو ویژدانی لەدەست نەداوە، زۆر سەرسەختانە لایەنگری خوێندەوارییەو دژی نەخوێندەوارییە.**

**٧- لە لاپەڕە (٢٥، ٥٢)دا ئەوەمان بۆ ئاشكرا دەكات هۆكاری سەرەكی ژێردەستەیی‌و ستەملێكراوی خەڵكی، ناهۆشیاربوونیانە.**

**٨- لە خەو هەڵسن لای ئەحمەد بەگ دژایەتی (جهل) و گرتنە رێی (عیلم)ە:**

١-لە خەو هەڵسن درەنگە میللەتی كورد خەو زەرەرتانە
هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ‌و هونەرتانە
٢-دەسا تێكۆشن ئەی قەومی نەجیبی بێكەس‌و مەزڵووم
بەگورجی بیبڕن ئەو رێگە دوورە وا لەبەرتانە
٣-بخوێنن، چونكە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوشمنتان
هەموو ئانو زەمانێ عەینی قەڵغان‌و سوپەرتانە
٤-بەخۆڕایی لە دەستی بەرمەدەن ئەم خاكە مەحبووبە
كە تۆزی وەك جەواهیر سورمەوو كوحلی بەسەرتانە
٥-بەسەر خاكا ئەگەر نازیش بكەن حەقتانە كوردینە
تەماشای سێبەری ئەو شاخ‌و كێوە وا لەسەرتانە
٦-بە بێ قەدری بەسەریا ڕامەبوورن حورمەتی بگرن
گوڵاڵە سوورەی ئەم سەحرایە خوێناوی جگەرتانە
٧-دەمێكە ئەم وڵاتە وا ئەسیری پەنجەیی جەهلە

(١) مەسەلەی ویژدان، ل٤٧-٤٩.

لە سایەی عیلمەوە ئەمڕۆ ئیتر نۆبەی زەفەرتانە
٨-زوبانی حاڵی (ئەحمەد) هەر ئەڵێ وریا بن ئەی میللەت
بزانن بەردی ئەم شاخانە ئەڵماسو گەوهەرتانە[١]

**٩- ئەحمەد بەگی ڕۆشنبیر خاوەنی خەونە بۆ ئایندەی نەتەوەکەی:**

٨-ئەمڕۆ با وابێ بەڵام ڕۆژێ ئەبێ ئەولادی کورد
دێنەوە مەیدان بە عیلمو سنعەتو عیرفانەوە
٩-نەوجوانانی وەتەن تەوحید ئەکەن ئەم میللەتە
هەر لە کرماشان هەتا ورمێو سنەو بۆکانەوە
١٠- ڕێك ئەخەن وەزعییەتی وانو جزیرەو باشقەڵا
عەقرەوو زاخۆ دەبەستن ڕێك بەقەد بۆتانەوە
١١- خانەقینو مەندەلی، خاکی لوڕستان یەك بە یەك
وەك ئەوسا ئەدروون بە باڵای مەنتیقەی بابانەوە
١٢- لەشکرێکی مونتەزەم بۆ سەندنی حەق ڕێك ئەخەن
جوانو ڕازاوە بە تۆپی لاکەلی ئەڵمانەوە
١٣- بەچکە شێرانی عەشایر بۆ قڕانی دوژمنان
هەروەکو ڕۆستەم ئەکەونە هاتوچۆو جەولانەوە
١٤- پاش قڕانی موددەعی دەس پێ ئەکەن تەعمیری مۆلك
ڕێگەیی ئاسن ئەچێتە شاخی هەورامانەوە
١٥- کێوو کەژ گشتی ئەبێتە باغو جادەو قەیسەری
بۆ تەماشای دەستە دەستە دێن لە ئینگلستانەوە[٢]

**١٠- ئەحمەد بەگ ڕۆشنبیری نەتەوەیە نەك خێڵ و ناوچە:**

وێڕای بوونی کێشەی خێڵ لەنێوان ئەحمەد بەگو شێخ مەحموددا، بەڵام ئەحمەد بەگ خاوەنی پرەنسیپی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی خۆیەتیو گەورەترە لە تێڕوانینی خێڵانەی سلبی، بۆیە لە هەڵوێستێکدا ئەگەرچی شێخ ئەوی زیندانی کردووە، بەڵام ئەحمەد بەگ بەمجۆرە وەسفی مەلیکی کوردستان دەکات:

١-سەبا عەرزی خلووسیو بەندەگیمو هەم دوعاخوانی
ببە بۆ خزمەتی شاهی موحیتی گشت سولەیمانی
٢-بلێ قوربانی تۆ بم ئەی سەلاحەددینی ئەییوبی

---

(١)دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل١٤٦.

(٢)دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل١٣٤-١٣٥.

به زۆری پەنجە وەك حەیدەر، بە سیما یوسفی سانی
٣–لە دەست کافر نەجاتمان بوو، بیحەمدیللاهی وەلمیننە
لە سایەی دەستو تیغو هیممەتی تۆ شێری یەزدانی
٤–خوداوەندا بە لوتفی خۆت لە چاوی بەد بەدووری کە
بە جاهی سەییدی مورسەل بە ڕۆحی شاهی گەیلانی
٥–لەپاش ئەم ئیحترامانە، بلێ بەو شاهی دەورانە
چ جورمێکی هەیە (ئەحمەد)، کە کردووتە بە زیندانی
٦–ئەگەر شایەد لە خزمەتتا خراپەی ئەو بووە سابیت
بە لوتفی خۆت عەفووی کە چونکە هەر خۆت ساحێب ئیحسانی
٧–کە جورمێکی نییە تا کەی، لە حەپسا دانیشێ قوربان
لە تەنهایی لە فیکری چۆتەوە ئادابی ئینسانی
٨–ئەگەر داوای کەفیلی لێ ئەفەرمووی حازرە، یاخود
مولك تەئمین ئەکا سەد جار، بە ئایینو بە ئیمانی
٩–هەتا مردن، وەکو بەندە، لە خزمەت شاهی کوردستان
حەیاتی خۆی فیدا کا بۆ هەموو ئەمرێکو فەرمانی
١٠– من ئەم حەپسەم لە لا فەخرە، بەشەرتێ سەروەری کوردان
لە حەق ئەم بەندەیەی خویە، بمێنێ لوتفی جارانی[١]

## ئەنجام

لێکۆڵینەوەکەمان لە بەرهەمەکانی (ئەحمەد موختار جاف) گەیشتۆتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١–ئەحمەد موختار جاف تەنها شاعیر نییە، بەڵکو خاوەنی بیری قووڵو دیدی سیاسیو ئایدیای ڕۆشنبیری هاوچەرخە.

٢–دەسپێکی پەخشانی کوردی (چیرۆك)و سەرەتای ڕیالیزمە لەئەدەبی کوردیدا، کە ئەوەش بەهۆی ڕۆشنبیربوونیەوەیە.

٣–لە ئایدیاکانیدا هەڵگری دیدی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کارگێڕی هاوچەرخە.

٤–نموونەی ڕۆشنبیرێکە کە چاوی بڕیوەتە ئاسۆی ئازادی نەتەوەیەکی ژێردەستە.

٥–زانستو خوێندن دەکاتە بنەمای هۆشیاری کۆمەڵگەو خەباتی بەدەستهێنانی مافو ڕەدی هەموو جۆرە ستەمکاریو توندوتیژییەك دەکاتەوە.

(١)دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل١٦٩.

مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد 2. العدد 4 .كانون الاول 2016: ص ص 343-361
e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

## سەرچاوەکان:

**کوردی:**

**١. پ.د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ، دیوانی ئەحمەد موختار جاف، چاپخانەی (الادیب)، بەغدا، ١٩٨٦.**

**٢. د.ئیحسان فوئاد، مەسەلەی ویژدان (چۆن بووم بە خانەدان)، ئەحمەد موختار جاف، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، چاپی سێهەم، ٢٠١٠.**

**٣. د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، بەرگی پێنجەم، ٢٠١٠.**

**٤. علاء الدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارف، بەغدا، چاپی دووەم، ١٩٧١.**

**٥. صدیق بۆرەکەیی، مێژووی ویژەی کوردی، انتشارات ناجی، بانە، کردستان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ١٣٧٠ هەتاوی.**

**٦. د.شکری عزیز الماضي، و: پ.ی.د.سەردار ئەحمەد گەردی، تیۆری ئەدەب، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١٠.**

**٧. کۆمەڵێك نوسەر، دیداری تایبەت بە شاعیر ئەحمەد موختار جاف، بڵاوکراوەی وەزارەتی رۆشنبیریو لاوان، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٣.**

**عەرەبی:**

١. د.عزالدين مصطفى رسول، الواقعية في الأدب الكردي، من منشورات ئاراس، الطبعة الثانية، اربيل، ٢٠١٠.

٢. د.فاروق سعد، تراث الفكر السياسي قبل الأمير وبعده، دار الآفاق الجديدة، بيروت، الطبعة الرابعة والعشرون، ٢٠٠٢.

٣. سعيد الغانمي، فاعلية الخيال الأدبي، منشورات الجمل، بيروت، ٢٠١٥.